# لەناو شەپۆلەکانی زەریادا

"بۆ 08ی03"

سیروان کاروانی

لەگەڵ هەڵمەتەکانی زەریادا
لەم شەپۆل بۆ ئەو شەپۆل
گیر دەخۆمەوە
هاورێ لەگەڵ تەوژمە ترسناکەکانیدا
دەکەومە ناو گێژاوی مەندەکانەوە
شینایی زەریا و سەوزایی شەپۆل
تارمایی تۆقێنەر و ڕەشایی دڵۆپ
دەوروبەریان هەراسان کردووە
کزەبای سارد لە پشتی شەپۆلەکانەوە
ناوبەناو هەڵدەکەن
ئاوازە سەرسوورهێنەرەکان
لە گشت لاوە دەبیسرێن و
ئەوەی خورپەی ترسێنەر
بە ناخی دڵ ناکات
هەر کەنارەکانن نەرم خۆ دەنوێنن
ئاسمانێکی بەرین دیارە
جێگەی تەنها مەلێکی لێ نابێتەوە
هەست دەکەم لە تاڤگەیەکی
بە خورەخوڕ نزیک دەبمەوە
تاڤگەیەکی هێندە بالاَبەرز
ئەگەر پێیدا شۆڕ ببمەوە
هەپرون بە هەپڕون دەبم
کۆڵکەدارێک بەلامدا دێت و
خۆمی پێوە دەگرم
کۆڵکەدار سەرێکی ئەستوور و
سەرێکی باریک کە هێندە سووکە
توانای نییە هەڵمگرێ

لەم کاتەدا دەجووڵێمەوە و

ترووسکاییەک دەبینم
هەستێک ڕادەگرم
گوێم لێیە دەنگی هەنگاوی پێ دێ
تێکەڵ بە دەنگی شەپۆل و
کزەبا و
ڕەنگەکان دەبێ
گوێم لێیە زەنگی دەرگا
تێکەڵ بە ئاوازە
سەرسووڕهێنەرەکان دەبێ
بە گرمەی هەناسەم
تەواو وەئاگا دێم و
هێندە لەپڕ قیت دەبمەوە
بە ترپەی دڵی تەنگم
سەرتاپای لەشم دەلەرزێ
هێشتا لە نێوان خەون و بێداریدام
دەمەوێ دڵم لەسەر لەپی
دەستەکانمدا بگرم و
نەرم نەرم هێوری بکەمەوە
دڵم هێشتا توند لێدەدا
بەڵام من هەست دەکەم
شەپۆلەکان هێواش هێواش
ون دەبن و
دەنگی هەنگاوەکانی پێ
زیاد دەکەن
بەڵام من هەست دەکەم
دەنگە ترسناکەکان
کز دەبن و
زەنگی دەرگا وەک خۆی لێدەدا
سەرێک دەلەقێنم
دەستێک بە پرچی ئاڵۆسکاومدا دەهێنم
چاوەکانم هەڵدەگلۆفم
دێم و
لەمدیو دەرگاوە نزیک دەبمەوە

دەرگا دەخزێنمە سەر پشت
زەق تەماشای دەرەوە دەکەم
تارمایی و
تاریکاییی زەریا و
ترسی شۆڕبوونەوە دەبن بە خەون
لەو چاوترووکانەی لەپێشمدا
ڕووناکیی ئاسمانی ژنێک بەدی دەکەم!

03/08